شیعری وەرگەڕاو



# ئەدۆنیس

◆◆◆◆◆◆

و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵا



١

لە کێڵگە
گوڵ بە چاوی خێرهاتن سەیرت دەکا
لە گوڵدان
بە چاوی خواحافیزی.

٢

زمانی گوڵ
بۆنەکەیەتی.

٣

باران
بەرزترین دیواری گریانە
هەور پەروەردەی کردووە.

٤

بەفر جگە لە کتێبی باران

هیچ لە دوای خۆی جێ ناهێڵێ

بارانیش

کتێبی دەریا.

٥

ڕەنگە دەریایەک لە وشە

خۆی لە شەپۆلێک

بێدەنگی

حەشار دابێ.

٦

درەختەکان

جلەکانیان دادەکەنن

وەک سڵاوێ

بۆ رووتی ئاو



٧

هەندێ جار وا خەیاڵ دەکەم

کە دەریا بەندکراوێ بێ

پاسەوانەکەی

شەپۆل.

٨

بۆ ئەوەی لە چۆلەکە بگەین

دەبێ بەرد بخوێنینەوە.

٩

زەمەن

گۆچانێکە

لە بانێژەی جاویدانی.

١٠

ژیان جل لەبەر مردن دەکا

مردن

رووتی دەکاتەوە.



١١

خوێنی خۆر

لە گۆزەی شەو

رەش دەنوێنێ

١٢

ئەستێرە نازانێ کراسەکەی بدورێ

تەنیا بە دەرزی

شەو نەبێ.

١٣

جوانترین گۆڕ بۆ شاعیر

وشەکانیەتی.

١٤

رووناکی روخساری هەیە

هەناوی نییە

تاریکی هەناوی هەیە

روخساری نییە.

١٥

"با" جۆلانەی ئەو منداڵەیە
کە پێی دەڵێن
فەزا.

١٦

"با" لە قسە ناکەوێ
ناشیەوێ کەس
گوێی بۆ بگرێ.

١٧

هیچ دەستێک ناتوانێ
کەزی "با" بهۆنێتەوە.

١٨

نە "با" کراسی هەیە
نە زەمەن لانە
دوو هەژارن
جیهانیان هەیە.



ژێدەر: فهرس لأعمال الريح، دار النهار، بيروت.